# با شارەوانی ئەمەیانم بەقسە بکات

عومەرمحەمەد

زۆر دلگرانم بە گێڕانەوەی ئەو نوکتەیەی کە دەڵێت: ( هەولێریەکان بۆیە حەزناکەن قەڵا بڕوخێ لەبەرئەوەی ئەگەر قەڵا نەمێنێ کەس ماڵی خۆی پێنادۆزرێتەوە) ئەوکاتەش دلگرانم کاتێك دەبینم خوێندەوارێك هێشتا شارەزای شەقامو کۆڵانەکانی شارەکەی خۆی نیە . کەچی خۆی لێووەتە سیاسەتمەدارو موفەسیری سیاسەتەکانی عەولەمە لەم جیهانە پانو پۆڕەدا ؟! لەوەش خراپتر هەر ئەوەندە دەزانیت جرِ جرِ جرِ تەلەفۆنی مامۆستایەك, محامیەك, دکتۆرێکت بۆدێتو لێتدەپرسێ ئەرێ ماڵی فلان یان فیسار کەس لەکوێیە؟ بابایەکی تر خۆی بەمۆدێرن دەزانێو بەئیمەیڵ پەیوەندیت پێوە دەگرێتو بەکوردیش نا! بەڵکو بەلاتینی دەنوسێت ئەرێ پێویستم بەفلانە کچە, کەکاتی خۆی لەزانکۆ بەیەکەوە بووین, ئەگەر ژمارە تەلەفۆنەکەشی نازانی تکایە بەڵکو ئەزیەت بکێشی, ئەدرەسی ماڵەوەیانم بۆ بنوسیت, بۆ وەڵامی هەموو ئەمانە کاتێك دەڵێیت لەسەر فلانە شەقامو فیسارە کۆڵانو ژمارەی گەڕەكوخانووەکەیان ئەوەندە لەسەر ئەوەندەیە, بێسوودە.. ئیدی هەتا سەنتی لێدەبڕێ بۆی بڕێسە ئاسنی سارد کووتانە, ئەو بێباکانە وەڵامت دەداتەوە: کاکە ژمارەو مارەو ئەو شتە قۆڕانە نازانم خۆ من لەئەورووپانیم تۆ پێم بڵێ لەکوێی ماڵی کاك فلانەوەیە؟ یان لەکوێی ماڵی خەزووری فلان مەسئولەوەیە؟! ئەوسا دەزانم شارەوانی فەقیر بێهودە, خۆی ماندوو دەکا کەپارەو پۆل لەپلێتو ملێتو بۆیاخکردنو هەقدەستی خۆشنوسە بێمەوعدەکان خەرج دەکاو! خەریکە ناوو ژمارە بۆ کۆڵانو شەقامەکانی شار دەدۆزێتەوە! لەکوێ ئەمە دەردی هاوڵاتیە سەرسەختەکانی وڵاتی من چارەسەر دەکات؟! ئەگەر بێتو حکومەت نەیکا بەنامەردی, تەنها ئەم پێشنیارەم قبوڵ بفەرموێو بۆ سەرکردایەتی حزب یان بۆکەسی یەکەمی حزبی بەرزبکاتەوە, کەڕەزامەندی بفەرموون ماڵە بەرپرسەکانی حزبو حکومەت بەهەموو کۆچەو کۆڵانەکانی شاردا بڵاوبکەنەوە, چونکە پێم وابێ ئەم هەنگاوە لەسوود بەدەر نابێ, بۆ ئەوەی چاکسازیو پاکسازیەکەی ئەم جارەش بەدەردی ئەوانی پێشوو نەچێت, دڵنیام هەنگاوێکی باش دەبێت, وەها بڕیارێك لەپێش ڕاپەڕینەوە تاحاڵی حازر ڕەنگە تاکە بڕیاربێت کەحزبوخەڵكو حکومەت پێکەوە لێی سوودمەند دەبن, پێم وابێ ئەمە بۆ دەردی دەنگنەدانو پرتەوبۆڵەبۆڵی خەڵکی ئاژاوەگێڕیش یەکاویەك بێت, تەنها کەمینەیەك کەئەمەیان پێخۆش نابێت هەندێك لەبەرپرسەکانو خۆشنوسە بەرێزەکانن, بەڵام لێرەدا ئەغڵەبییەت گرنگترە لەئەقەلییەت, چونکە لە دوای بڕیارێکی وەها سوودمەندەوە عمومی خەڵك بەتایبەتی سایەق تەکسییەکان دوعای خێر دەبەخشنەوە, دابەشکردنی ماڵە بەرپرسەکان بەسەر گەڕەکەکانی شاردا بەتایبەتی بەگەڕەکە هەژارنشینەکاندا, دنیایەك خێروبەرەکەتی تێدایە, ئەمە جگە لەوەی شارەوانی لەکۆڵ دەردیسەری پلێت کڕینو برینو بۆیەو نوسین دەکاتەوە, مەترسی دزو جەردەش لەکۆڵ هاوڵاتیان دەکاتەوەو ئەرکی پۆلیسیش سووکتر دەکات, حزب دەچێتە ناو جەماوەرەوەو ڕەنگە ببێتە باشترین حزبی جەماوەری, لەولاشەوە خەڵکی لە ئیمتیازەکانی ئەو بەرپرسە بەرێزانە سوودمەند دەبنو بەلایەنی کەمەوە جادە قیرەکەیان مسۆگەر دەبێ, ئەو حەلە خەڵکی لەبری ئەوەی منەتباری حکومەت بنو هەموو شەوێك لەتەلەفزیۆن بەسەر چاویاندا بداتەوە, بەلایانەوە باشترە منەت باری تاکە مەسئولێك بن, هیوادارم حکومەت پێشنیارەکەم قبوڵ بفەرمووێ, چونکە سەد هەزار پلێتی ڕێپیشاندانی شارەوانی بۆ ئەم خەڵکە دابنێی, ئەوان هەر دێنەوە سەربای بەرە کۆنو دەڵێن قسە بیستو چوارەو دوانی بەکارە, پێم بڵێ لای ماڵی کام مەسئولەوەیەو هەر ماڵی ئەوبەرێزانە دەکەنەوە بەناونیشان, وەك بڵێی شارەوانی چوار پێنج ساڵە پیازی پاك کرد بێت, بۆیە هەق وایە ئەم خەڵکەش نمەك حەرام نەبن, بەڵکو نانێك بخۆنو یەکێك بکەن بەخێر کەماڵە مەسئولەکان زۆرتربن بۆ ئەوەی بەشی هەموو گەڕەکەکانمان بکەن, دوو ئیدارەکەش نەبنەوە بەیەك بۆ ئەوەی وەزیرو گزیرو مدیر عامە بەرێزەکانمان کەم نەبنەوە, خانووەکانیان گەورە ترو بڵند تربێت, بۆئەوەی لەهەموو شوێنێکەوە لێمانەوە دیاربن, چونکە ئێمە ئاوابینو کار وابڕوا ئەگەر بڵندیو گەورەیی خانووی ئەو بەرێزانە نەبێت دوو ساڵی تر کەسمان ماڵی خۆمان نادۆزینەوە.